# نامەیەک

**ئا: سەرنووسەر**

*** نامەیـەک لـە (د. مـارف خەزنـەدار) (١)ەوە بـۆ ئـازاد عەبدولواحیـد**

Annaba – ALGERIE(٢)

**١٩٨٨/١/٢**

**بۆ برای خۆشەویست کاکە ئازاد**

**ڕۆش باش**

**هەواڵـت دەپرسـم، هیـوادارم هەمیشـە لە خۆیشـدا بـی، لـە کـردەوە سـەرکەوتوو و لـە ژیانـا بەختیـار بی .**

**بێگومـان لەوەتـەی گەڕاومەتـەوە ئێـرە، تـۆ چاوەڕوانـی نامـەی منـی (٣)، چونکـە بەڵێنـم پێـت دا کـە تێبینییەکانـت بـۆ ڕەوانـە بکـەم (٤)، ئـەوی ڕاسـتی بـێ لەبـەر پـڕ کاری بـۆم نەکـرا هەمـوو ئەو تێبینیانـەی لـە پەراوێـزی کتێبەکـە بـە قەڵەمـی ڕەش نووسیومـ (ن)ـەتەوە، بیانخەمـە سـەر کاغـەز و بۆتیـان ڕەوانـە بکـەم (٥)، وا دەردەکـەوێ بـەم زووانـەش ئـەم کارەم بـۆ ناکـرێ، لەبـەر ئـەوە د (و)وای دەخەیـن (٦) تـا هاوینـی داهاتـوو، ئیتـر بـە شـێنەیی و لەسـەرخۆ، یـا لـە هەولێـر، یـا لـە سلێمانی، ئـەوەی هەمـە بەرامبـەر بـە کتێبـە چاپکراوەکـەت پێـت دەڵێـم (٧).**

**ئیتـر بـەم هۆیـەوە ڕێـز و سڵاو (و)م بـۆ هەمـوو دۆسـت و بـرادەران، منیـش کارم لەگـەڵ تـۆدا زۆرە (٨)، بەرامبـەر بـە گەلـێ پرسـیاری ئەدەبـی وەسـتاو (و)م، وا بزانـم وەرامـی ڕاسـتیان لای تـۆ چەنـگ دەکـەوێ (٩).**

**ئیتر بە خۆشی و شادی بژی کاکی خۆم**

**ئیمزا**


**برات**

**پەراوێزەکان:**

(١) لـە ژمـارە (٣٣٤)ی گۆڤـاری ڕامـان، کـە لـە ڕێکەوتـی ٢٠٢٥/٨/٥ دەرچـوو، بـە کورتـی سـەربوردەی ژیانـی (د. مـارف خەزنـەدار)م بـاس کـردووە.

(٢) دوای ئەوەی د. مارف خەزنەدار لە بەشی کوردیی کۆلێـژی پـەروەردە، بەهـۆی دروشـمی سـەلامەتیی فیکـری (السلامة الفكريـة) مەرسـوومێکی کۆمـاری، بـە ئیمـزای سـەرۆکی وڵات، بـە بڕیـاری ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتی شـۆڕش، ژمـارە ١٢٠٨، لـە ڕێکەوتـی (١٩)ی شـوباتی ١٩٨١ لـە ڕۆژنامـەی ڕەسـمیی (الوقائع العراقيـة) بەبـێ ئاگاداری خـۆی و وەک سـزایەک بەرانبـەر بـەو چالاکیانەی لـە پێنـاوی پەرەپێدانـی ڕۆشـنبیریی نەتەوەیـی گەلـی کـورد هەیبـوو، خانەنشـین کـرا، کـە ڕژێمـی بەعـس وەک بیانوویـەک بـۆ ئەوانـەی سـەر بـە دەسـەڵاتی

سەرکوتکەرانەی خۆی نەبوون، ئەو پیاوە مەنگ و خاوەن سەنگەی خانەنشین کرد، ئاگام لێ بوو بەمە زۆر مەراقی خوارد و پیشی خواردەوە، چونکە ئەو کاتە دوکتۆر مارف خەزنەدار لە ترۆپکی بەخشش و کارکردندا بوو، بۆیە هێندەی پێ نەچوو، ساڵی ١٩٨٢ بەغدای بەجێهێشت، هەر ئەو ساڵە ڕووی کردە شاری عەننابەی سەر بە وڵاتی جەزائیر، لە زانکۆی عەننابە، کەوتە وانەوتنەوە، کە بەهۆی کۆلۆنیالی فەرەنسییەوە ساڵانێکی زۆر لە خوێندن بە زمانی عەرەبی بێبەش کرابوون، ئەو کاتە بە گەرمی خوێندن و بایەخدان بە زمانی عەرەبییان کردبووە سەردەفتەری هەنگاونان و کارکردنی لە پێشینەیان، بۆیە کە بە بانگهێشتنامە پێشنیاری چوونی د. مارف خەزنەداریان کردبوو بۆ ئەو وڵاتە، ڕووی کردە ئەوێ و پێشوازییەکی گەرمیان لێ کرد، تا وەک پرۆفیسۆرێکی پسپۆڕ و شارەزایەک لە ئەدەبیات و ئەدەبی بەراوردکردن وانە بڵێتەوە، مەبەستی (د. مارف خەزنەدار)یش زیاتر ئەوە بوو ماوەیەک لەبەر چاوان بزر بێ، تاکوو گرفتی زیاتر


Annaba - ALGERIE
١٩٨٨/١/٢

بۆ برای خۆشەویست کاکە ئازاد
ڕۆژباش
هەواڵت دەپرسم، هیوادارم هەمیشە لەخۆشی دا بی،
لەکردەوە سەرکەوتوو و لەژیانا بەختیار بی.
بێ گومان لەوەتەی کە ڕاوەمەتەوە ئێرە تۆ چاوەڕوانی
نامەی منی، چونکە بەڵێنم پێت دا کە تێبینییەکانت بۆ ڕەوانە
بکەم، ئەوی ڕاستی بێ لەبەر زیری کاری بۆم نەکرا هەموو
ئەو تێبینییانەی لە پەراوێزی کتێبەکە بە قەڵەمی ڕەشی
نووسیومەتەوە بیانخەمە سەر کاغەز و بۆتیان ڕەوانە بکەم،
وادەر دەکەوێ بەم زووانەشی ئەم کارەم بۆ ناکرێ، لەبەر
ئەوە دووای دەخەین تا هاوینی داهاتوو، ئیتر بە شتێنەی و
لە سەرخۆ یا لە هەولێر یا لە سلێمانی ئەوەی هەمە بەرامبەر
بە کتێبە چاپکراوەکەت پێت دەڵێم.
ئیتر بەم هۆیەوە ڕێز و سڵاووم بۆ هەموو دۆست و
برادەران، منیش کارم لەگەڵ تۆ دا زۆرە، بەرامبەر بەگەلێ
پرسیاری ئەدەبی وەستاووم وا بزانم وەرامی ڕاستیان لای
تۆ چنگ دەکەوێ.
ئیتر بەخۆشی و شادی بژی کاکی خۆم،
برات

و گەورەتری بۆ دروست نەبێ، کە بە ڕاسپاردە و ڕاپۆرت لێ نووسینی کوردە حەیاتەکەی خۆمان، دەسەڵات بەرانبەری دەیگرتەبەر و دەجووڵایەوە، ئەوە بوو دوای (٥) ساڵ مانەوەی لە جەزائیر، گەڕایەوە شاری هەولێر، خۆشی نەیدەتوانی لەوە زیاتر لە دووری هەولێر بژی.

(٣) دوکتۆر مارف خەزنەدار هێشتا نەڕۆشیتبوو کە بەرگی یەکەم- بەشی یەکەمی کتێبەکەم (دیوانی شێخ نووریی شێخ ساڵح) دەرچوو، ئەو بەشی یەکەمەم پێشکەش کرد، کە ئەو بەشە چاپ کرا، لە ڕێگەی (جەمال خەزنەدار)ی برای، یان ڕاستەوخۆ لەدەمی خۆم، یان لە دەمی نزیکەکانی خۆی و جەمال خەزنەدارەوە زانیاری ورد و پشتڕاستکراوەی پێدەگەیشت و ئاگادار بوو بە هۆی ڕاپۆرتەکانی لەسەر ئەو کتێبە و من دەنووسران، بەچ دەردێک براوم، تەنانەت لە چاپخانەی (دار الجاحظ) کە لە گەڕەکی (ڕاغیبە خاتوون)ی بەغدا بوو، خاوەنەکەی پارێزەر ڕەسمی ئەلعامل، کە خۆی وەک کۆنە شیوعییەک لەکاتی خۆیدا پارێزەری شیوعییەکانی عێراق بوو، چەند جارێک بە ئامادەبوونی جەمال خەزنەدار پێی گوتم تێناگەم مەسەلەی ئەو کتێبەی تۆ چییە و بۆچی کەسانێک ئەوەندە دژی وەستاونەتەوە. لەو چاپخانەیە کە بە لاینۆتایپ کار دەکرا، دێڕەکانی نووسینەکانیان بە پەت لە یەکتری دەبەستەوە و گرێ دەدا، من کە بۆ هەڵەچنی کتێبەکە بە دەیان سەفەری بەغدام کردووە، لە پاش ڕاستکردنەوەی پرۆڤەکان، کاتێک دوای ڕەزامەندی من مەلزەمەیەکیان ڕادەکێشا، بە حیساب هەڵەبڕم کردووە و پێیدا چوومەتەوە و هیچ هەڵەیەکی تایپی تێدا نەماوە، کەچی دواتر دەمبینی چەندان دێڕ پاش و پێش کراون و هەڵەی زەق ڕوویان داوە، دوایی کە لە مەسەلەکەم کۆڵییەوە، بۆم دەرکەوت لە ڕێگەی پاسەوانی شەوانەی چاپخانەکەوە کە قوتابییەکی کوردی لای سلێمانی بوو، ئەو کارە لەگەڵ چاپی مەلزەمەکان کراوە، بۆیە لەو کتێبەمدا کە بەناوی (دیوانی شێخ نووریی شێخ ساڵح – چەوساوەترین کتێبی کوردی) نووسیومە، زۆر لایەنی چاپی کتێبەکەم ڕوون کردووەتەوە،

هەر ئەو کاتەش خۆم ئامادە دەکرد بۆ ئەوەی لە هەر دەرفەتێکی گونجاو، کتێبەکەم سەرلەنوێ چاپ بکەمەوە و هەڵەبڕی بکەم و کەموکوڕییەکانی نەهێڵم و چارەسەری بکەم، بەداخەوە ئەو هەل و دەرفەتەم بۆ نەڕەخسا، ئەوە بوو دوای پێشکەشکردنی بەرگی یەکەم- بەشی یەکەمی کتێبەکە، داوام لە د. مارف خەزنەدار کرد سەرنج و تێبینییەکانی خۆیم بۆ بنووسێ، دیاربوو دوکتۆر مارف خەزندار کە لە جەزائیر بوو، بە قەڵەمی ڕەش (ڕەساس) هەندێ سەرنج و تێبینی خۆی لەسەر کتێبەکە نووسیبوو، تا دوایی بیانکاتە نامەیەک و بۆمی بنێرێ، بەڵام کە خۆی کۆکردبووەوە بێتەوە کوردستان، ئەو کتێبەی بەسەرنج و تێبینییەکانەوە دابووە هاوڕێیەکی کە داوای کردبوو بیخوێنێتەوە، بۆیە کە سەرلەنوێ هەندێ تێبینی خۆی بۆ نووسیم، من لە چاپی دووەمی کتێبەکەمدا ئەو سەنج و تێبینیانەم لەبەرچاو نەگرت و سوودیان پێ نەگەیاندم، چونکە لەگەڵ قەناعەتی من نەدەهاتنەوە، یەکێک لەو سەرنج و تێبینیانەی لەبیرم بێ ئەوە بوو کە چاپخانەکەی گیوی موکریانی ناوی کوردستان نەبووە، بگرە ناوی چاپخانەی هەولێر بووە، لە کاتێکدا لەسەر ناوی چاپخانەی کوردستان چەندان جار گەڕیان بە گیوی موکریانی کردووە، بۆیە ئەویش بۆ بەردەوامبوون لەسەر کارەکەی خۆی، دیوێکی ناوونیشانی چاپخانەکەی کە (کوردستان)ی لەسەر نووسیبوو، هەندێ جار لە ترسی داخستنی چاپخانەکە و تروتەشقەڵەی حکوومەت هەڵی دەگێڕایەوە، زۆری پێ نەدەچووە کە دۆخەکە لەبار دەبووەوە، جارێکی دی ناوی (کوردستان)ی دەهێنایەوە بەرچاوان.

(٤) د. مارف خەزنەدار بەڵێنی پێ دابووم بەزووترین کات ئەو سەرنج و تێبینیانەم بۆ بنێرێ، بەڵام هاتەوە و سەرنج و تێبینییەکانی بۆ نەناردم، هۆیەکەشی وەک خۆی نووسیویەتی: (لەبەر پڕ کاری بۆم نەکرا هەموو ئەو تێبینیانەی لە پەراوێزی کتێبەکە بە قەڵەمی ڕەش نووسیوم (ن)ـە (تە)وە، بیانخەمە سەر کاغەز).

(٥) کە کتێبەکە کەوتبووە لای هاوڕێیەکی، ئەویش دابوویە ناسیاو و هاوڕێیەکی خۆی بیخوێنێتەوە، ئیدی ئەو کەسە بە سوود وەرگرتن لەو تێبینیانەی د. مارف خەزنەدار وتارێکی لەبارەی کتێبەکەوە نووسی، من ئەو وتارەم بۆ هات و لە گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١٣٩)ی ٢٠٠٨/١٢/٥ بڵاوم کردەوە.

(٦) د. مارف خەزنەدار، هەر بەو خەیاڵەوە وای زانیوە کتێبەکەی منی لەلا ماوە کە نیازی بوو سەرنجەکانی بکاتە نامەیەک و بۆمی بنێرێ، بۆیە دەڵێ: (بەم زووانەش ئەم کارەم بۆ ناکرێ، لەبەر ئەوە د (و)وای دەخەین).

(٧) نووسیویەتی: (ئەوەی هەمە بەرامبەر بە کتێبە چاپکراوەکەت پێت دەڵێم)، لێرەدا وای نیشان دەدات کە بە دەمی تێبینییەکانم پێ دەڵێ، نەک بە شێوەی نامە بۆمی بنووسێ، بەڵام دوایی بە جیا بۆی نووسیم، د. مارف خەزنەدار زۆر کتێبەکەمی بەلاوە پەسند بوو، بۆیە هەموو جار پێی دەگوتم (ئەو کتێبەت، کتێبی سەرمێزە)، واتە نابێ بخرێتە کتێبخانەوە، دەبێ هەمیشە لەبەر دەستت بێ، دواتریش وتارێکی تایبەتی لە بارەوە نووسی و لە ژمارە (١٣٢)ی ڕێکەوتی ٥/ ٥/ ٢٠٠٨، گۆڤاری (ڕامان)دا بڵاوکرایەوە.

(٨) نووسیویەتی: (منیش کارم لەگەڵ تۆ زۆرە)، دیار بوو کە هاتەوە، بە گەرموگوڕی کەوتە سەر ئیشکردن لەسەر کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)، دواتریش بە (٧) بەرگ بەچاپی گەیاند، بۆ نووسینی ئەو کتێبەی، بە شێوەیەکی گشتی من زۆر زانیاری نوێم دایێ و هاوکاریم کرد، بە تایبەتیش لەسەر (ئەختەر) و (شێخ نووریی شێخ ساڵح) و (شوکری فەزڵی) زانیاری زۆرم خستە بەردەستی.

(٩) نووسیویەتی: (وا بزانم وەرامی ڕاستیان لای تۆ چەنگ دەکەوێ)، خۆی ئاگاداری ئەوە بوو من سۆراخ و کنە و پشکنین و بەدواداچوونم بۆ زۆر لە شاعیرانی کورد کردووە و دەکرد، دەیزانی بەبێ وردەکاری و پشتڕاستکردنەوە، قەناعەت بە زانیاری سەرپێیی ناهێنم، بۆیە بەو متمانەیەوە دەڵێ: (وەرامی ڕاستیان لای تۆ چەند دەکەوێ)، ئەوەش ئەوپەڕی خاکەڕایی زانایەکی وەک د. مارف خەزنەدارە کە بە منی هەبوو.